لە یادی سەد ساڵەی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا … لاوژە جەواد

ژنان و شەڕش، پێشڕەوی و پاشکشەکانیان…

پێشکی

" هیچ شەڕشکی سۆسیالیستی بەبێ بەشداری کاریگەری و بەرفراوانی ژنانی کرێکارو زەحمەتکێش ناتوانێت سەرکەوتن بەدەست بهێنێت" لینین لە کۆنگرەی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ڕوسیا 19ی نۆڤەمبەری 1918.
بەدوای سەرکەوتنی شەڕش، دەسبەجێ لە یەکەم لیژنەی کۆمسیاری بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەی ڕوسیا، بە یەکەمجار لە مێژوی کۆمەڵگەی بەشەری ژنێک دەتوانێت پۆستی وەزیر وەربگرێت. ئەلێکسانەدرا کۆنتاین ژنە خەباتکاری کۆمۆنیست بەدوای سەرکەوتنی شەڕش وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی پێدەسپێردرێت.
هەر لە هەفتەکانی یەکەمی دوای شەڕشدا پەیگرامی یەکسانی و مافە ئینسانیەکانی ژنان کە زۆر لە مێژ بوو لە لای کۆمۆنیستەکان داڕژرابوو، پێی نایە سەر عەرزی واقیع و کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە. گرنگترین و بەرچاوترینیان ئەمانە بوون:
هەوشانەوەی سەرجەم یاسا کۆنەکانی دەسەڵاتی قەیسەر کە تیایدا ژنان موڵک و کەیڵی پیاوان بون و تەنانەت پیاوان بەیان هەبووە تۆندوتیژی بەرامبەر ژنان بەکاربهێنن.

هەوشانەوەی هاوسەرگیری کێیساو بە ڕەسمی ناسینی بەهەی ئەوەی کە بەپێی یاسا ئاینیەکان پیاوان زاڵدەبن بەسەر ژنانەوە.(بەگشتی دین لە کاروباری دەوڵەتی جیاکرایەوە). بە هاوسەرگیری فەرمانگەیەکیان دیاریکرد بە تەمارکردن، دواتر بەیەکجاری هەموو جۆرە پەیوەندیەکی ئازاد و بە دڵخوازی نێوان ئینسانەکان بەڕەسمی ناسێندرا و پێویست بە تەمارکردن نەما.
منداڵانی دەرەوەی هاوسەرگیری بە ڕەسمی ناسێندران و بەهرەمەند کران لە مافی بەرابەر.
کار بە هێنانەدەرەوەی ژنان لەچوار دیواری ماڵ، بە کۆمەڵایەتیکردنەوەی کاری ناوماڵ بە ئەم مەبەستەش چەند یاسایەک دەرکراو دواتر جێبەجێکران.

* کردنەوەی دایەنگاو شۆنی تایبەت بە چاودێری منداڵان
* کردنەوە جلشۆرگەو خواردنگەی گشتی بە هەموان
* لە هەموشی گرنگتر بە یەکەمجار لە مێژودا ژنان مافی لەباربردنی منداڵیان پێدراو کاری پۆویست لەمبارەوە ئەنجامدرا.
لەم سەردەمدا بەهەی شۆڕشو نەهامەتیەکان ڕۆژی لەشفرۆشی یەکجار زیادیکردبوو، بەلشەفیکەکان هەوڵی جدیان دا بۆ کەمکردنەوەی ئەم دیاریدەیەو کەششیان کرد بۆ گۆڕانەوەی ئەم قوربانیانە بۆ دۆخی کەمڵایەتی ئاسایی.
بۆجیا لەمانەش هەر بۆ یەکەمجار لە مێژودا سزا لەسەر ئۆوکەسانە لابردرا کە هاوجنسگەرا بوون. بۆپیی یاساکانی پێشو ئۆوکەسانە دوور دۆخرانەوە بۆ کەمپگەکانی کاری زۆرە ملە لە سبریا.

بۆرچاوبوونی بۆرهەمی شۆڕش لە پەیوەند بە ڕزگاری ژنانەوە زۆر جێگای شانازی لنین بووە لە هەر بۆنەیەکدا کە هەڵسەنگاندنی بە دەسکەوتەکانی شۆڕش کردبێت، وەک نمونەی پێشنگداری دەسکەوتەکان باسی مەیدانی ژنان دەکات و ئیشارەتی بە شۆڕشە دیموکراتیەکانی وەک و ئینگلتەڕا لە ناوەڕاستی 1600 کان و شۆڕشی فەرەنسا کردوە و ئەمریکای لاتینی دیموکراسی کردەتە نمونە کە نەیانتوانیوە ئەم مافانە بە ژنان دەستەبەر کەن. وتوێتی هەموو ئەم مافە دیموکراتیانە لەلایەن ئەمەوە هەوڵی دەستەبەرکردنیان دراوە. نمونەی ئەم وتانەشی لە کەنگرەی ژنانی کرێکار ساڵی 1919، لە دانشتنێکی تایبەتی لەگەڵ کلارا زتکین کاتێک کلارا لەیدەپرسێت ئەوە نەزەریاتی مارکسیستیتان بە ڕزگاری ژنان عەمەلیکردەتەوە؟ هەڵسەنگاندنی یادی چوارساڵەی شۆڕش (ژمارە 234 ی ڕۆژنامەی پراڤدا 18 ی ئۆکتەبەری ساڵی 1921). بەنەی ڕۆژی جیانی ژنانی کرێکار، وتار 4ی مارسی 1921.

بەڵام لینین هەمیشە پێیوابوە کە بەتەنها یاسا ناتوانێت کۆشکانی ژنان چارەسەربکات و بە بەدەستهاتنی گەیاندنی خەباتی یەکسانی ژنان سە هەنگاوی کردوەتە پێشمەرج و بە زەروری داناوە.
یەکەم: یەکسانی یاسایی ژن و پیاو.
دووەم: بەشداری ژنان لەهوی پراکتیکیەوە لە بەیوەبردنی کەمپگە
سیهەم: ژنان کاتێک بەتەوای ڕزگاریاندبێت کە خەزان خاسیەتی خۆی وەک یەکەی ئابوری کەمپگا لەدەستبدات. (پشتبەستن بە بچونی ئەنگلس لە کتێبی بنەچەی خەزان.)
ئەگەر سەیرکی ئەم دەسکەوتانە بکەین بەهەق جێگای شانازین کە سەد ساڵ پیش ئێستا هاتونەتە دی، کەمپگای ڕوسیا چ جۆرە کەمپگایەک بوو؟ ڕۆژ و نەخشی ژنان لە شۆڕش چیبوو؟ ئەم دەسکەوتانە چۆن بەدەست

هاتن و جیبەجێکران؟ ئەی ژنان چیبوو لێم نەوەدا؟ بۆچی دواتر پاشەکشە بە زۆربەی ئەم دەسکەوتانە کران و ژنان ئاپۆچی ماڵداری کرانەوە؟ بەدوای بەرنامەی ئابووری نوێ (نیپ) بۆچی هێزی بێکاری لەنێوان ژنان یەکجار زۆربوو؟ بۆگشتی شەشی کرێکاری بە ئامانجی خۆی گەیشت یاخود شکستی خوارد؟ هۆکارەکانی شکست چیبوون؟
ئامانجی من لێم نوسینەدا گەرانەوەی رووداوەکان نییە، دەسکەوتەکانی ژنان لێم شارشەدا زۆرترین قسەی لەبارەوە کراوە، بەڵام من لێرەدا دەمەوێت جەخت لەوە بکەمەوە کە زۆرۆبزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان بەردەوام ئەزموونانە بخاتە بەر هەڵشنایی و هەڵوێستە بە بەدیهێنانی دنیایەکی باشتر، تیشکیان بخاتەسەر و دەرسیان لەوەرگرێت و بۆپەی واقیعیەتی جیهانی ئەمڕۆ ژنان ئامادە بکات بە شەشێکی تر.

دەخی ژنانی ڕوسیا لەو سەردەمەدا

لە ساڵانی 1900 ڕکاندا ڕوسیا وەک وڵاتێکی دواکەوتوی کشتوکاڵی مابەوو هیچ گەشانکاریەکی بەسەردا نەهاتبوو. ژنان بارودۆخێکی یەکجار خراپیان هەبوو، لەهەموو مافێک بێبەش بوون. زۆربەی خەڵکی ڕوسیا جوتیار بون و لە لادێکان دەژیان لەوە کەمێکیان لە کێڵڵە گەنمەبوون. زۆربەیان نەخوێندەوار بوون و دەستیان بەهیچ جۆرە خزمەتگوزاریەک نەدەگەیشت. ژنانی ئەم ولاتە توندوتیژیان بەشوێیەکی زۆر بەرچاو بەرامبەر بەکاردەهات و بەیاساش ژنان مولکی پیاوان بوون.
لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم چەند شۆپڵی خوازیاری ئاوگەڕ ڕوسیای گرتەوە لێم وڵاتەش چەند بزوتنەوەیەکی نیشتمانی، نیهیلیستی و ڕادیکاڵی سۆریان هەڵدا، لەنێو ئەمانەشدا چەند ژنێکی خەباتکار ئەکتیف بوون بە مافی ژن، ڤیرا زاسلو یەکێک لەو ژنانە بوو کە دواتر یەکێک لە هەڵسوڕاوە بەرچاوەکانی شەشی ئەکتەبەر بوو.

لە ساڵی 1903و 1905 هەوڵی شەش لە ڕوسیا شکست دەخوات. لێم شەشانەشدا جارێکی تر ژنان ڕۆڵی بەرچاویان دەبێت، بەدوای بەتایبەت 1905 دەسەڵاتی قەیسەر ناچاردەبێت چەند ئاوگەڕ و ڕیفەرمێک بکات و ڕێگا بە هەڵبژاردن (دوما) بدات، کە تەنها لەسەدا سی پشکی جەماەر بوو بە خۆ کاندیدکردن و لەسەدا حەفتای لایەن قەیسەرەوە دەستنیشاندەکرا.
یەکێک لە دەسکەوتەکانی ئەم شەشە دەستبەرکردنی مافی ڕێکخراوبوون و سەندیکای کرێکاری بوو. بزوتنەوەو ڕێکخراوە فیمینیستەکانیش لێم

کاتدا زیاتر دەرکەوتن و سێ گروپی سەربەخۆیان هەبوو.
* ژنانی بۆرجوازی کە داوای هەندێک مافی یاساییان دەکرد بە ژنان
* نیهیلستەکان کە پێیانوابوو ژنان دەبێت وەک پیاوان جلوبەرگ لەبەربکەن و خۆیان نیشانبدەن و جگەرە بکێشن
* سۆسیالیستەکان کە تەرکیزیان لەسەر ژنانی کرێکار بوو بە بەدیهێنانی مافی یەکسانی هەمە لایەنەی ژنان و پیاوان، جێختیان لەسەر مافی خوێندن و دەستگەیشتن هەموو ژنان بوو بە خزمەتگوزاریەکان.
دیاردەی ژنانی ڕوسیا لە ساڵانی 1870 کانەوە مافی خوێندنیان لە هەندێک بواری وەک پەرستاری، مامۆستایی و هەندێک بواری تر کە بە کاری ژنانە دەناسران هەبوو.

بەدوای ئەو کرانەوەیە بەڕوی ڕێکخراوبوندا، لە ساڵی 1908 یەکەم کۆنفرانسی ژنان لە ڕوسیا بەڕێوەدەچێت و کۆمەڵەی نێوان ژنانی پڕۆلیتاریاو بزوتنەوەی فیمینیستیی دەگاتە ئاستی جیابوونەوە و هەرکامەیان بە ڕێگای خۆیدا دەڕۆن. هەرچەند لە ساڵی 1909 پڕۆگرامی سۆسیال دیموکراتەکان دەنوسرێت و بە کۆنکرێتی پێداگر دەبێت لە یەکسانی هەمە لایەنەی نێوان ژنان و پیاوان. بەڵام بزوتنەوەی ژنان لە پاشکۆی دەبێت هەتا ساڵی 1912.
بەهۆی کەچی زۆری خێزانی لادێکان بۆرەو شارەکان و کارکردن لە کارخانەکان ژمارەی ژنانی کرێکار لە زیادبوندا دەبێت. ئەمەش دەبێتە هۆکارێک بۆ بەهێزبوونەوەی بزوتنەوەی کرێکارانی ژن و هەوڵدانی ژنە سۆسیالیستەکان بۆ ڕێکخستنیان و خەباتکردن لەپێناوی مافەکانیان.
لە ساڵی 1914 نزیکەی لە سەدا بیست و پێنجی کرێکاران ژن دەبن. بەشێفیکەکان زۆر بەجدی دەکەونە کارکردن لەناو کرێکاران و هەوڵی هۆشیارکردنەویان دەدەن بۆ مافەکانیان، وە ڕۆژنامەیەکیان بەناوی (ڕابۆتنیتسا)واتا کرێکاری ژن دەردەکرد، بەڵام بەهۆی هێرشگیرسانی جەنگی جیهانی یەکەم تەنها تواندرا چەند ژمارەیەکی کەمی لێدەربچێت.
لە کاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا ڕوسیا یەکێک لەم وڵاتانەی شۆڕەبەت کە ئەڵمانیا هێرش دەکاتە سەری و بەشکی لێداگیردەکات. بەهۆی ئەوەی کە بە ملیۆنها پیاوان دەنێردرێن بۆ شۆڕ ژنان ناچاردەبن بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانیان لە کارگەکان جێگای پیاوان بگرنەوە.
ژنان لەم ساڵانەدا لەژێر بارودۆخێکی زۆر خراپ تا ڕادەی دوانزە سەعات بۆ کرێیەکی یەکجار کەم کاردەکەن، بەشێوەیەکی بەرچاویش

لایەن خاوەنکارەوە سوکایەتیان پێدەکرێت و هەڕەشەی دەستدرێژی دەبنەوە، ناچارن بە هێزی منداڵەکانیان بەجێبهێڵن، ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە منداڵی بە سەرپەرشت و سەرشقامکان زیادببن، ژمارەی ئەم منداڵانەی کە لەسەر شقامکان فڕێدەدران لە زیادبوندابوو.
لەشفرۆشی بەهێزێکی یەکجار زۆر زیادیکردبوو، لەم وڵاتەدا شوێنی ڕەسمی بۆ لەشفرۆشی تەرخانکرابوو و لایەن ئەفسەرەکانەوە دەکرایەوەو کلیساکان پیرۆزیان دەکرد.
لەوە ژنانی لەشفرۆش بە فەرمی خاوەن کارتی زەرد بوون، کارتی زەرد واتا وەرقەی مووت و لە ساڵەکدا چەند جارێک پشکنینی تەندروستیشیان بۆ دەکرا. تەنها بەوە ئەم ژنانە لە کۆیلایەتی سێکسی دەرباز دەبوون ئاگەر کەشتی تەندروستاین هەبوایە. بەجیا لەوەش لەسەر جادەو شقامەکان زمارەی ئەو کچە زۆر گەنجانە لە زیادبوندا بوو کە لەپناو بژێوی ژیانیان ناچار بەم کارە ببون. ئەمەش هۆکارێکی تربوو بۆ زیادبونی منداڵی بێ سەرپەشت وە هەروەها بەاوبونەوەی نەخۆشی جەراو جۆر لەناو ژناندا.
کەمی نان و درێژی سەرە بۆ دابینکردن نان یەکێک لە کێشە هەرە گەورەکانی ئەم کەمەگەیە بوو.
بەهۆی جەنگی جیهانی یەکەمەوە لە ساڵی 1917 لەنەوان لەسەدا چل تا پەنجای کرێکاران ژن بوون ئەمەش وایکردبوو کە ببنە خاوەنی تارادەیەک ئازادی و باوەڕ بەخۆبوون لەبەرئەوەی ئابوری خێیان هەبوو.

شۆڕشی شوباتی 1917

ڕۆژی 23ی شوباتی 1917 بە ڕۆژمێری کۆنی ڕوسیا کە بەرانبەر لەگەڵ 8ی مارس ڕۆژی جیهانی ژنان، بەم بۆنەیەوە ژنانی کرێکار شان بەشانی پیاوان بەرامبەر بارودۆخی خراپی ژیانیان بە شیعاری نان بە هەموان دەڕژێنە سەر شقامەکان لە پترۆگراد، سەرتا ژمارەیان نزیکەی 350 کرێکار دەبێت، بەڵام تا دێت کرێکارانی زیاتر پییانەوە پەیوەست دەبن و سنوری داواکاریەکانیان بەرفراوانتر دەبێت، ئەم خێیشاندانە پێنج ڕۆژ دەخایەنێت و داوای دەستلەکارکێشانەوەی قەیسەر دەکەن، دەرئەنجام هێزە ئەمنیەکانیش ئامادە نابن بەرامبەر خۆپیشاندەران بوەستنەوەو بە خۆپیشاندەرانەوە پەیوەست دەبن، دەسەڵاتی کۆنەپەرستی پاشایەتی قەیسەر دەخۆنە سەر ئۆژنە و پاشکشەی پێدەکەن.
حکومەتی کاتی پێکدیت و هەندێک لە حیزبە چەپ و سۆسیالستەکانی وەک

و مەنشەفیەکان و سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان لەگەڵ حیزبی پارێزگاران و لیبڕاڵەکان حکومەتی کاتی پێکدەهێنن. کاتێک گفتوگۆ لەبارەی بەشداری بەلشەفیەکان دەتە پێشەوە لینین تووڕە دەبێت و دەڵێت ئەمە حکومەتی بۆرجوازیەو نابێت بە کەمتر لە شۆڕشی کرێکاری ئازیبین، ئەمە لە وتاری گەڕانەوەی بە ڕوسیا ناوزەی 2ی ئاپریل کە لایەن کرێکاران و خەڵکی ئازیەوە لە وەستگەی شەمەندەفەر پێشوازی لێدەکرێت تەئکید لێدەکاتەوە.
لە ماوەی حوکمڕانی حکومەتی کاتیدا شێڵ هەر بەردەوام دەبێت و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بارودۆخی خەڵکی زەحمەتکێش خراپتر دەبێت. لەم دۆخدا ژنە بەلشەفیەکەکان بە ڕابەرایەتی کۆنتاین ئینسە ئەرمەندو، کرێپسکایا دەتوانن کارو چالاکی زۆر بەرچاو ئەنجامبدەن.
لەم سەردەمدا ڕۆکخراوی ژنانی بۆرجوازیش جووڵیان دەبێت، بەڵام بەهەی ئەوەی کە لایەنگری لە بەردەوامی شەڕ دەکات لەپەناوی سەروەری وڵات، ناتوانێت جێگاوڕێگای خۆی لەنێو زۆرینەی ژنان بکاتەوە.

لە ماوەی ئەم نێ مانگەدا کۆنتاین دەتوانێت ڕابەری چەندین خۆپیشاندان و مانگرتن بکات، بەرچاوترینیان خۆپیشاندانی ژنانی کرێکار و خەزانی سەربازەکانی جەنگ دەبێت بە دابینکردنی نان و ئاشتی و پێداویستیەکان.
بەبۆنەی یەکەی ئایار، ڕۆژی جیهانی چینی کرێکار، بە ڕابەری کۆنتاین چەند مانگرتنێکی کرێکاری ڕودەدات و داوای کەمکردنەوەی سەعاتی کارو زیادکردنی کرێ و کردنەوەی دایەنگە دەکرێت بە منداڵانیان کە زۆربەی بەشداربوان ژنان دەبن. هەر لەم سەردەمشدا ڕۆژنامەی ژنی کرێکار جارێکی تر دەتەوە ناو کەمپگە.

لە کاتی دەسەلاتی حکومەتی کاتیدا، بەلشەفیکەکان دەبنە ئۆپۆزیسیۆن و سەرجەم هەوڵەکانیان چە دەکۆنەوە بە بەهێزکردن و بەرفراوانکردن شورا کرێکاریەکان بەتایبەت لە پترۆگراد بە دروشمی "هەموو دەسەڵاتێک بە شوراکان" دەسەڵاتی دولایەنە دادەمەزرێنن. ژنان هاندەدرێن کە بەشداری کاریگەریان هەبێت لە بڕیاردانی شوراکان و مافی خۆ کاندیدکردن و دەنگدان بەدەست دێنن لە هەموو هەڵبژاردنەکدا، ئەمە لە کاتێکدا دەبێت کە تەنها لەسە دەوڵەت لە جیهاندا ژنان مافی دەنگدانیان هەیە. لە فەرەنسای لانکەی دیموکراسی ژنان 50 ساڵ دوای ئەم ئەم مافە بەدەست دەهێنن. دیارە حکومەتی کاتیش لەژێر ئەم فشارانە مافی دەنگدان دەدات بە ژنان و کاری لەشفرۆشی ڕێگا پیدراو قەدەغە دەکات، بەڵام هیچ کارێک بۆعەمەلی ئەنجام نادرێت بە کەمکردنەوەی ئەم دیاریدەیە.

ئەوارەی ڕۆژی 24ی ئۆکتۆبەری 1917 لینین بەنامەیەک هاوڕێیانی حیزبی و شۆڕاکان ئاگادارکاتەوە کە بە هابەری تڕتسکی خەیان لە سوپای سوردا چەکدارو ئامادە کردوە، دەڵێت" دونە زوو بوو سبەی درەنگ بە شەش" هەر ئەمشەوە بە شیعاری (نان، ئاشتی، زەوی بە هەموان) پەلاماری کۆشکی زستانە دەدرێت و شەشی کرێکاری سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت.

ژنان ڕۆڵی بەرچاویاندبێت لەم شەشەو بەشێک لە شۆڕاکان و تەنانەت سوپای سوریش دەبن.
لە دەسەڵاتی دوای شەشدا، گفتوگۆو کێبوونەوەی بەرچاو لەنێوان ژنان ئەنجامەدەریت و چەندین داواکاری فەوری لایەن هابەران و هەسوڕاوانی ژنان دەخرێتە ڕوو، وەک و کەمکردنەوەی سەعاتی کار، یەکسانکردنی کرێ، بە کەمەایەتیکردنەوەی کاری ناوماڵ ..... تاد.
زەر بەجدی کاردەکرێت لەم پیناوەدا، هەروەک لە پیشکیەکە ئیشارەتم پیداوە کەمەک دەسکەوت بەدەست دەن. بەڵام هەروەک لنین دەڵێت تەنها یاسا بەس نییە بە گۆیشتن بە ئاماجەکانمان لە مەیدانی ژنان. لەم چوارچێوەیە دەست بە کاری هەشیاری و هەشەنگێری دەبەن، بە نمونە کار لەسەر هەشیاری ژنانی کرێکار، ژنانی جوتیار لە لادێکان، بەبەردەوامی کێبوونەویان لەگەڵ ئەنجامەدەن و هەوڵی ئەویان لەگەڵ دەدرێت کە فەری خویندەواری بن.

لینین بەردەوام لە وتارەکانی لە کێبوونەوەکاندا تەکیدی دەکردەوە کە زەرورە ژنان خەیان بنە مەیدان و خەبات بکەن بە مافەکانیان بەئەوەی لە کەتوبەندی کێلایەتی ڕزگاریان بێت، وە هەروەک باسمکرد بەچونی ئەنگلس سەبارەت بە خەزانیان کردبوە بنەمای کارەکانیان و پیانوابوو کە دەبێت کاری ماڵ کەمەایەتی بکرێتەوەو ژن بەرهەم هەنبێت و فەرمی خەزان بەم شێوە تەقلیدیە نەمێنێتەوە، بە ئەمەش کۆتنە کردنەوەی دایەنگا، خواردنگاو جلشۆرگەی گشتی. ئەوان زەرورەتی بوونی هەکخراوی ژنانیان هەتدەکردەوە، پێیان وابو ژنان و پیاوانی کرێکار لەیەک جیادەکاتەوە، هەربۆیە لە ساڵی 1919 بۆیاردرا کە لە کۆمیتەی ناوەندی حیزبەوە بەشی ژینەتەل بە ئامانجی هەشیارکردنەوەی ژنان پیکبهێنن.

ژینەتەل کاری زەر گرنگی ئەنجامدەدا. بە نمونە، دەورەی تایبەتیان دەکردەوەو ژنانیان دەنارد بە شوێن و دامودەزگا گرنگەکان بە ئەوەی فەری بەڕێوەبردن و بەشداری لە بڕیارەکان وەبەر بکرێن. لە گرنگترین کارەکانیان، کارکردن لەسەر ژنان بوو لە ڕۆژهەڵاتی ڕوسیا کە ئاینیان ئیسلام بوو. لەو ژنان ڕوبەڕوی کوشتن، بەزەر بەشودان

لە تەنەکی زێر منداڵی دەبوونەوە.
لەسەگای پڕژەی هەشەنگەری و کردنەوەی کافتریای تایبەت بە ژنان و حەمام و شوێنی تری گشتیەوە دەچونە ناو ژنان. ئەوان هەرگیز حیجابیان بە یاسا قەدەغە نەکرد، بەڵام بە یاسا پارێزگاریان لەو ژنانە دەکرد کە حیجابیان لادەبرد. بە زانیاری زیاتر لەسەر کاری ژینەدیل بگەڕەوە بە نوسراوی شەشی بەلشەفیکی و ڕۆزگاری ژن کە لینکەکەی لەخوارەوە دادەنێم.
لە ساڵی 1920 بە یاسا لەباربردن ئازاد کراو ئەمەش بەشێک لە کارو خەباتی ژینەتەدیل بوو وە خەڵکیان لەمبارەوە هەشیاردەکردەوە.

بەرنامەی ئابوری نوێ (نیپ)

ڕوسیا بەدوای شەڕش ڕوبەروی جەنگی ناوخۆ بووەو ئەمەش جارێکی تر خەڵکی توشی نەهامەتیکردووەو جارێکی تر کارگەو کارخانەکان داخران، بێکاری باڵی بەسەر وڵاتدا کێشا، بەڵام ئەمجارەیان ژنان و منداڵان بەتایبەتی پارێزگاری کەمەلایەتیان هەبوو لەلای دەسەڵاتەوە. ڕوسیا لە قەیرانێکی ئابوری گەورەدا بوو، لەهەمو لایەکەوە گەمارەدرابوو ئیزۆلە کرابوو. بەشێک لە ڕابەرانی شەڕش ئومێدیان بەوە بەستبوو کە شەڕش لە وڵاتانی تر ڕوبدات و فریایان بکەوێت بەتایبەتی ئەڵمانیا کە لەو سەردەمدا وڵاتێکی پیشەسازی پێشکەوتوبوو، بنەمای ئەم بڕچونەش بە ئەوە دەگەڕایەوە کە تا سەرمایەداری گەشە نەکات و پێنەگات ناتواندرێت سۆسیالیزم پیادەبکرێت و ڕوسیای داوخاو بەوخرایی نابەتە وڵاتێکی پیشەسازی و ئەڵمانیا پیشەسازیە، وە سۆسیالیزم دەبێت سەرتاسەری بێت و لەیەک وڵات ئیمکانی سەرکەوتنی نییە. لە ئەڵمانیاو چەند وڵاتێکی تریش هەوڵی شەڕش درا بەڵام سەرکەوتو نەبوو.
بەدوای کۆتاییهاتنی جەنگی ناوخۆو پوچەڵکردنەوەی پلانەکانی دەوڵەتە دژە شەڕشە ئیمپریالیستەکان، وڵات بەتەوای دامابو وە نەهامەتیکی زۆر ڕوێتکردبوو، بەشەفیکەکان بەڕابەرایەتی لینین ناچاربون بەرنامەی ئابوری نوێ دابنێنن بە سەرپێی خستنەوە ئابوری وڵات، ڕووبەڕوی سازش و پاشەکشێ بوونەوە لەوانە بەرنامەی نیپ و سەرمایەداری دەوڵەتی.

لە کاتی نیپدا بەناوی کرێکاری ناکارامەوە ژنانێکی زۆر لەسەر کارکانیان دەرکران. ئەمە لەکاتێکدا لە ساڵی 1918 لینین لە کۆنگرێی ژنانی کرێکار تەئکید لەوە دەکاتەوە کە ئەوان جیاوازی لەنێوان کرێکاری کارامە ونا کارامە ناهێنن! زۆربەی خواردنگەو

جلشرگۆ گشتیکان دادخرێن زۆر بکەمی لە هەندێک کارگۆ دەمنتەوە. ئەمە لە کاتکدا بلشفیکەکان تەئکید لەوە دەکەنەوە کە دەبێت کاری ناومان کەمایەتی بکرێتەوەو مشکی ژن لە چواردیواری ماڵ قەتیش نەمێنێت. واتا لەم پاشکشانە ژنان پشکی شێریان بۆرکەوت. بەڵام کاری ژینەتێل بۆردوام بوو لە ئاهەنانی ژنان لەسەر کارو بکارامەکردنیان، وە هەروەها ڕێوانەکردنی ژنان بۆ ناوەندی بیار بۆئەوەی لە شوراکان خەیان کاندید بکەن و بشێک بن لە دامودەزگاکانی بڕیاردانەوە ولات.

ئامانجەکانی شۆڕش و پاراستنی چوارچێوەی شۆڕش تا ساڵی 1924 بۆردوامدەبێت، لەمساڵەوە گفتوگۆو بڕبڕەکانی توند لەنێو ئاڵبری حیزبی کۆمنیست یان بلشفیکەکان ڕودەدات و دەرئەنجام بڕیاری بەسنعەتیکردن و سەرمایەداری دەوڵەتی سەرکەوتودەبێت و شۆڕش فەلەج دەبێت، دواتر دەمە سەر هەکارەکانی. لەم نێوەشدا کاری ژینەتێل وەک ڕێکخراوەکی NGO بۆ بەردنە پێشەوەی پلانی پێنج ساڵە بۆ بە پیشەسازیکردنی ڕوسیا دەتە بەرچاوو چیتر گوێ لە پێشنیارەکانی رابەرانی ژنان ناگیرێت.
ژینەتێل لە ساڵی 1926 هەنگاوی بۆ نەهێشتنی لەشفرۆشی لە وڵات ناو چەند مەبەندێکی کردەوە بۆ چارەسەری ئەم ژنانەی کە بەهۆی ئەم کارەوە کۆشای تەندروستیان بۆ هاتبوە پێش، ژنان بۆ لەشاو ڕویان تێدەکرد، وە هۆکاری جدیان لەگەڵ دەدرا کە ببن بۆ بەرهەمهێنەرو کریکاری کارامەو بگەڕێنەوە نێو کۆمەڵگە بۆ ڕێزو حورمەتەوە، زۆر کاری باشیان لەمبارەیەوە کرد.(سەیری شۆڕشی بلشفی و ژگاری ژنان بکە).
بەدوای ماوەیەک زۆر توند بۆ لەشفرۆشکان بڕخورد کرا بۆتایبەتی پیاوان، وە جارێکی تر هاوجنسگرایی نایاسایی کرا. بەناوی ئەوەی کە لەسیالیزم بەپیی تیۆڕی مارکسیستی لەشفرۆشی نامێنێت و ئەمە گەیشتوینەتە سەسیالیزم. وە لەچەند ئاپارتکدا ئیشارەت بەودرابوو کە لەشفرۆشی بۆتەواوی بنەبڕکراوە کە ئەمە لەڕاستیدا هیچ بنەمایەکی نەبوو، هەرچەند لەشفرۆشی کەم ببوەوە بەڕادەیەک بنەبڕ نەکرابوو.

لەسەرەتای ساڵانی سیەکان جارێکی تر قەیرانێکی گەورە ڕوی لەم وڵاتە دەکات و دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە چەندین ملیۆن گیان لەدەستبدەن. بەم هۆیەوە ژمێری ستالین لە یاسای لەباربردنی منداڵ پەشیمان دەبێتەوەو بەهەموو شێوەیەک منداڵ لەباربردن قەدەغە دەکات. وە جارێکی تر خەزان پیرەز دەکاتەوەو وە ژنان دەکاتەوە کۆیلەی کاری

ناوماڵ و خوێندنگای کچان جیادەکاتەوە وانەی ماڵداری و خەزان بە خوێندنیان زیاد دەکات و پەوپاگەندەی ئەوە بڵاودەکاتەوە کە ژنان وەک کرێکار و دایکی کرێکار دەبێت ڕەزیان لێبگیریت. بەهانەی ستالین بۆ کارەکانی ئەوە دەبێت کە ئەمە پێویستمان بە خەزانی سۆسیالیستی هەیە وەک ئەوەی ئەنگڵز دەڵێت و لێچنەد شوێنێک بۆچوونەکانی ئەنگلز بە بەرژەوەندی خۆی هەڵدەگەڕێتەوە. وە هەروەها لەوە دەگەڕێتەوە بۆ وتارێکی لینین کە لەساڵی 1913 نوسرابوو بەناوی" چینی کرێکار و مالتوسیزمی نوێ" دەکاتە پاساوی کە لینین وەڵامی چەند بۆچوونێکی مالتو دەداتەوە دەربارەی منداڵبون و زیادبونی ڕێژەی دانیشتوان.
ئەم پاشەکشانە بۆ؟

شۆڕشی ئۆکتۆبەر شۆڕشێکی عەزیمی کرێکاری بوو، شۆڕشێک بوو کە لە دەرئەنجامی چەندین دەیەی کاری ڕێکخراوەیی و پێکهێنانی ناوەندی شۆڕایی جەراو جەر بەدەستهات، بەڵام بەداخەوە شۆڕش لە نیوەی ڕێگا شکستی خواردو نەیتوانی ئامانجەکانی خۆی بهێنێتە دی. زەر بیروبۆچونی جیاجیا هەن دەربارەی شکستی شۆڕش، من لەگەڵ ئەم بۆچونەم کە هۆکارێکەی بۆ بنەما چینایەتیەکان دەگەڕێنێتەوە و پییوایە لە ڕوسیا نەتواندرا ئابوری بۆ ئابوری سۆسیالیستی بگۆڕدرێت. خەباتی چینی کرێکارو بەدیهێنانی سۆسیالیزم واتا خەبات لەبەرامبەر ئابوری بۆرجوازی و گۆڕینی بۆ ئابوری سۆسیالیستی و لەوانگەی چینی کرێکار و مارکسیزمەوە، شۆڕشی سۆسیالیستی لە بنەڕەتدا شۆڕشێکی ئابووریە و تەنیا لەسەر ئەم بناغەیە ئەتوانێت شۆڕشێکی کەمەڵایەتی بێت، هەڵوەشانەوەی موڵکایەتی تایبەت و گۆڕانیەتی بۆ موڵکی گشتی. لە ڕوسیای شۆڕایدا، تا ساڵی 1924 تواندرابوو دەسکەوتو بنەماکانی شۆڕشی کرێکاری دەستی پێوەبگیرێت سەرباری تەحەدیاتێکی زۆرو ناچار بە پاشەکشەکردن و سازش و لەدەستدانی چەند دەسکەوتێک ، بنەما چینایەتیەکانی شۆڕش بەدوای گفتوگۆو کێشمەکێشێکی گەورەی دەرون حیزبی ڕودەدات لەنێوان ساڵانی 1924 بۆ 1926 سەبارەت بە شۆڕش لە وڵاتانی ترو بۆ پیشەسازیکردنی ڕوسیا بۆ بەدیهێنانی سۆسیالیزم لە یەک وڵات دەبێت و دەرئەنجام ئەم هەڵەی کە بۆپیشەسازیکردنی ڕوسیاو هەڵوەشانەوەی موڵکدارێتی تایبەت و گۆڕینی بۆ مولکداریەتی دەوڵەتی کە ستالین نوێنەرایەتی دێکات سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت و دەبێتە سەرتایەکی مەترسیداری ئامانجی شۆڕشی کرێکاری لە ڕوسیا. هەر لە سەرەتای گفتوگۆکانەوە هەوڵدەدرێت ئەوەی شوێنەوار ناوێندە کرێکاریەکان لاوزترو لاوازتر بکرێت و تا لە کۆتایی هەموو دەسەلات بە حیزب و لەناو حیزبیش بە ستالین

دەبێت.

ئەو گفتوگۆیانە لەخۆ نەهاتوونەتە ئاراوە، بەڵکو بەرهەمی دۆخێکی نێودەوڵەتی دووەم، بەدوای ئەوەی هەندێک لە سۆسیال دیموکراتەکان دەبنە دوو بەرەو هەندێکیان پێیانوادەبێت کە سۆسیالیزم قۆناغ قۆناغ بەدەست دێت و دەبێت لایەنگری لیبڕاڵ و بۆرجوازیەکان بکەین بە بەشێک لە پێشسازیکردن وەک هەنگاوێک بۆ بەدیهێنانی سۆسیالیزم، باکگراوندێکی تر پێوادەبێت کە دەتواندرێت بەنموونە لە وڵاتێکی نیمچە فیدراڵی وەک ڕووسیا شۆڕشی کرێکاری بۆ ئەنجام بگات. دەرئەنجام سۆسیال دیموکراتەکان دەبنە دوو بەش و لەڕووسیا بە مەنشەفیەکان و بۆڵشەفیەکان ناودەبردرێن. بۆڵشەفیەکان لەژێر لینینەوە نوێنەرایەتی دەکرێن.
واتا ئەم بۆچونە لە ڕووسیا بەرهەمایەکی نزیکەی سێ دەیەی هەبووە تا کاتی شکستی شۆڕشەکەی. هەر ئەم بۆچونانەش ڕابەرانی کرێکاری و هەڵسوڕاوانی کۆمۆنیستی و شۆڕشگێڕانی دابەشکردووە. لەسەرەتای شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی 1917 بۆشایەک لە بۆڵشەفیکەکان پێیانوادەبێت کە پێویستە شۆڕشەکە لە وڵاتانی تر ئەنجامبدرێت بۆ ئەوەی فریای ڕووسیا بکەون، بەتایبەتی ئەڵمانیا کە وڵاتێکی پێشسازیە، کاتێک دونیا پلان دژی ڕووسیا دەگێڕێت و دەبێتە هۆکاری جەنگی ناوخۆ، پێیانوایە ئەوان ناتوانن لەم بارودۆخە خراپە کە برسێتی باڵی بەسەر وڵات داگرتووە بەم پەڵە پەلیە ڕووسیا سەنعەتی بکەنەوە. ئەگەر بەوردی سەیربکەین دەبینین ئاراستەی ئەم باڵەی شۆڕشی ئەڵمانیای بە فریادرەس دەزانی لەگەڵ باڵی بەسنعەتکردنی ڕووسیا هەمان پەڵە نسیبە، بۆ هاتنەدی سۆسیالیزم پێویستمان بە پێشسازیکردن هەیە. هەروەک لەسەرەوە ئیشارەتم پێدا کاتێک شۆڕشەکە بەتەواوی شکست دەخوات لە ساڵی 1926 ەوە پلانی پێنج ساڵە دادەندرێت بە زیاتر بە پێشسازیکردنی ڕووسیا، سەرمایە لەلایەن دەوڵەتەوە مانپۆل دەکرێت و هێڵی شۆڕاو سەندیکا کرێکارییەکان لاواز دەکرێت و هەموو دەسەڵات لەجیاتی خەڵک و شۆڕاکان بە حیزب دەگەندرێتەوە بە ڕابەری ستالین. لەوکاتەدا هەروەک چۆن لەگەڵ شکستی کۆمۆنەی پاریس هەموو کۆمۆنارەکان قەتل و عامدەکرێن هەمان شت لە ڕووسیا ڕووەدات و بە قەتل و عامکردنی شۆڕشگێڕان و ئۆکسانەی کە پێ لەسەر بۆئامانج گەیاندنی شۆڕش دادەگرن، بەناو ئۆپۆزیسیۆنێکی شۆڕشگێڕی ڕووەدات و پرسیەکی چەند ساڵە دەخایەنێت.

من لێرەدا نامەوێت بە وردی باسی هۆکاری ناکامیەکان شۆڕشی ئۆکتۆبر بکەم*، بەڵام جەخت لەوەدەکەمەوە کە ئەوەی پاشکۆی بە

دەسکەوتەکانی ژنان کرد شکستی خۆی شۆشکە بوو، ئەگەر شۆش بە ئامانجی خۆی بگەیشتبایە و ئابوری بگۆڕبا بۆ ئابوری سۆسیالیستی (کۆمۆنیستی) زۆر بۆئاسانی هەموو کێشە کۆمۆنیستی و دیموکراتیکان چارەسەر دەبوون. بە واتایەکی تر لە ڕووسیای شۆڕشیدا ئابوری سەرمایەداری بەرەو دەچوو، بەڵام سەرمایەداری تایبەت نەبوو بەڵکو سەرمایەداری دەوڵەتی بوو، واتا چەوسانەوەی ئینسان لەلایەن ئینسان کۆتایی پێنەهات و ئینسان کۆیلەی کاری کرێ بوو بۆ دەوڵەت. لەم نەوشدا جارێکی تر ژنان کرانەوە وەسیلەیەک بۆناوی کرێکاری ناکارامەو هەرگیز نەیانتوانی کرێی یەکسان وەربگرن. کۆمۆنگەی سۆسیالیستی بەدی نەهات بۆ جارێکی تر ژنان ناچارکرانەوە بۆ کاری ناومال و منداڵبونی زۆر.

سەد ساڵ بەدوای شۆشی ئۆکتۆبەردا

شۆشی عەزیمی ئۆکتۆبەر تەوانی زۆر دەسکەوت بۆ کۆمەڵگە بەدەستبهێنێت و کاریگەری خۆی لەسەر جیهان دابنێت. ئەگەر بۆکورتی باسێک لەو دەسکەوتانە بکەین بەگشتی هەوڵشاندنەوەی موڵکایەتی تایبەت و دابەشکردنی زەوی بەسەر جوتیاران، دان نان بە مافی چارەنوسی گەلان و وەستانەوە بەرامبەر ئیمپریالیزم، بەرەنگاربونەوەی ئەگەزپەرستی و قەدەغەکردنی هەر جیاکارییەکی ئەگەزی و ئیتنیکی، بەنمونە ئۆکاتە سیمیێکان (یەهودیکان لەژیر فشاری زۆردابون و تەنها بە کارتی تایبەت دەیانتوانی لە مۆسکۆو پترۆگراد بژیێن) شۆش ئەمەی هەوڵشاندەوەو بوون بە هاوڵاتی یەکسان، دان نان بە هەموو مافە سەرتاییەکانی ئینسان، گرنگترینیشیان هەوڵشانەوەی یاسای بەتاوان ناسینی هاوجنسگەرا بوو، مافی یەکسانکردنی ژن و پیاو بە یاسا و هەموارکردنی بواری یەکسان لە خوێندن و کارکردن و بەرەوپێبردنی کۆمەڵگە، هەوڵدان بۆ بە کۆمەڵایەتیکردنەوەی کاری ناومال و کردنەوەی دایانگاو، خانەی بەساڵاچوان و چێشتخانەو جلشۆری گشتی، بەخێوکردنی خوێندن و پیدانی مافی خوێندنی بەخۆڕایی بە هەموان. شۆشی ئۆکتۆبەر بەگشتی بە یەکەم جار کۆمەڵگەی بەرپرسکرد بەرامبەر بەتاک، جێگای باوە نەبوو بە هیچ کەسێک بەر لە شۆش کە کۆمەڵگە بەرپرسبیت بەرامبەر بە خویندن، وە ئەگەر سەیرێکی جیهان بکەین بەتایبەتی وڵاتانی پیشکەوتو وە ئەم وڵاتانەی کە ڕیفاهیاتی کۆمەڵایەتی تێیدا هەیە، دەبینین کە جێگا پێنجەی شەرشی ئۆکتۆبەری پیوەدیارە، لە مافەکانی ژنان و منداڵان، هەقی ڕەکخراوبون و کۆمەڵێک دەسکەوتی چینی کرێکار.....تاد. وە ئەوشمان بیرنەچێت کە شۆشی ئۆکتۆبەر بە

یەکەمجار لە یاسایەکدا حوکمی ئیعدامی هەڵوەشاندەوە بەناو جەنەکراو دواتر لیی پەشیمان بونەوە.

ئازمونی شەشی ئۆکتۆبەر بە کردەوە سەلماندی بەدیهێنانی یەکسانی و مافە هاوکانی ژنان تەنها خەون و خەیاڵ نیە و بەکو ئیمکانی هەیە، گرنگ ئەوەیە چۆن هەنگاوی بۆ هەڵگیری. بەدرێژایی مێژو پشەویکانی بزوتنەوەی ژنان پێویست بووە بۆ ئاستی هۆشیاری و چنیەتی خەباتی بزوتنەوەی کرێکاریەوە، هەرکاتێک ئەم بزوتنەوەیە بەهێز بوبێت ژنان توانیویانە مافی زیاتر بەدەست بهێنن.

تا ئێستاش لە هیچ وڵاتێکی جیهان ژنان بە تەواوی لەگەڵ پیاوان یەکسان نین. تا ئێستاش کرێی یەکسان بۆ کاری هاوکێش وەرناگرن.
سەد ساڵ پیش ئێستا کاری ناوماڵ کاری ژنان بوو، لینین لە چەند وتاردا ئیشارەتی بەوەداوە کە ئاستە نزمەیەکی بەرچاوی ژنان لە بازاری کارن و بەرهەم دەهێنن بەناو ئەرکی سەرشانیانی قورستر کردەوە ناچارن دووبارەمبەر کاربکەن، هەم لە دەرەوە و هەم لە ماڵەوە، بەناو لە جیهانی ئەمڕۆماندا دنیای تەکنەلەجیا وەک جل شۆ، قاپشۆر، گسکی ئوبەرت، بە پیشەسازی کردن خواردن و پەداویستیەکانی تر، داینگۆ شوێنی پەروەردەکردنی مەدەرن هەیە. بەناو ئەم ئافاهیات و خزمەتگوزاریانە لە بەردەست کەمگەڵ نیە و سوسیالیسێ نەبونەتەوە وەهومان لێی بەهرەمەند نین.

سەد ساڵ بەدوای شەسی ئۆکتۆبەر

دەخی ژنان لە جیهاند لەوپەڕی خراپیدایە، بەپیی ئامارەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان زیاتر لە 30 ملیۆن کیلۆی رەسمی لە جیهان هەیە و لە سەدا 80 ی ئەمانە لێژر تەمەنی یاسایین و زەربیان لە ئاگڕی مۆن و لە بازاڕێکی گەورە بە پانتایی جیهان بازرگانی سێکسیان پیدەکرێت.
لەباربردنی منداڵ، تا ئیستاش تەنانەت لە هەندێک وڵاتە پیشکەوتوەکان لەناویاندا هەندێک لەهەرەمەکانی ئەمریکا نایاسایین، لە زەربەی وڵاتانی ئەمریکای لاتین حوکمی قورسی چەند ساڵە زیندانی هەیە بۆ ئەوکەسانەی کە منداڵ لەباردەبەن و هەروەها لەم وڵاتانەی کە یاسای ئیسلامی بەسەریدا زاڵە هەر بەهەمان شێوەیە، ئەمەش بوتە هۆکاری ئەوەی کە ژنان لە کلینیکی نایاسایی ئەم کارە ئەنجامبدەن و ژیانیان بکەوێتە مەترسیەوە.
لە وڵاتانی ئیسلام زیاتر بە ملیۆنها کچ و ژن لێژیر هەمان یاساو

ڕسا دنانەنن و هەمان دڕدیان هەیەو بەهەی کەچ و نائارامی ئەم دیاریدەیە وڵاتانی ئەوروپاشی گرتەتەوە.
نەبونی ئەمنیەتی کارو تەحەروشو ئازاردانی سەکسی بە سەر ژنانی کرێکار دیاریدەیەکی تری جیهانیە.

هەمان ئەم کێشانەی کە بەلشەفیکەکان کاریان لەسەر کردوەو بەرەنگاری بونەتەوە لە سەد ساڵ پیش ئیستا هەشتا هەر بەردەوامەو بەشەوەی تر. ئەمڕۆ بازاری کارو سەرمایە جیهانی بەتەوەو سنور بە سەرمایەداران نەماوە.
تەنانەت لە ڕۆژئاوای دیموکراسیش چینی کرێکار لە هەموو کاتێک زیاتر کەوتوەتە ژێر فشارەوە، لە لایەکەوە مەترسی بێکاری و لە لایەکی تریەوە لەدەستدانی ئەو ڕەفاهیات و خزمەتگوزاریانەی کە بەرهەمی خەباتی چەند دەیەی سەرجەم کەمەڵانی خەڵکی کەمەگەیە، بەدوای ڕوخانی جەمسەری سەرمایەداری دەوڵەتی سۆفیەت وەک تاکە ئێکباری بازاڕی ئازادی ڕۆژئاوا و ڕەوانەوەی خەتەری فکری سۆفیەتی، دەوڵەتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا خەیاڵیان ئاسودەتر و دەستیان کراوەترە لە لەسەندنەوەی ڕەفاهیات و هەرش کردنە سەر مافەکانی کرێکاران و سەرجەم خزمەتگوزاریەکان.
دەڕاوکێ و ترس و دڵنیا نەبوون لە داهاتوو، زەربەی خەڵکی ڕۆژاوای توشی سترەس و نا ئەمنی کردووە، بەتایبەتی ژنان، چونکە ئەوە هەشتا ژنانن بە زەری ئەرک و بەرپرسیاریەتی ماڵ و منداڵیان لەسەرە، ئەگەر دەخی خەستەخانە، خوێندنگە و باخچەی ساوایان خراپ بێت، پێش هەموو کەسێک ئەوە ژنانن زەختیان دەکەوێتە سەر و وەک کاراکتەرێکی بازاڕی کار لە چەنیەتی و چەندایەتی توانایی ئامادە بە پیشەیان دادەبەزێت و لە ئیش دەردەکرێن. و تەنانەت ئەو شوێنە خزمەتگوزاریانەی کە توشی تەقشوف دەبنەوە و کارمەندکانیان بێکار دەکرێن بە زەری ئەم بوارانەن کە وەکو ئیشی ژنان ناسراون و لەوێش زەربەی ژنانن دەکەوێنە ژێر زەختی زیاترە وە یان شێپەلی بێکاریەوە.

لەیادی سەد ساڵەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر، جیهان لە هەموو کات زیاتر پیویستی بە شۆڕشێکی تر هەیە، شۆڕشێک کە بتوانێت ئەم نیزامە هەگەمۆنەتەوە، بە ئەمەش پێویستمان بە خەباتی سەراسەری چینی کرێکار هەیە، پێویستمان بە ستراتیجیەتی نوێ و سەراسەری بە پانتایی ئاوگۆو دەخە جیهانیەکەی ئەمڕۆمان هەیە. ئەمەش بە دەست لە ناودەستی ژنان و پیاوان و خەڵکخراوکردنمان لە دەوری ئاسەی سۆسیالیستی دەتە دی.

تێبینی: من نەمویستیە وردەکاریەکانی کاری بەلشەفیکەکان و ژنەتدل

دوبارەبکەمەوە بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن شۆشی بلشفیکی و
ژگاری ژنان بخوێنەوە.
http://media4.hkkurdistan.org/2015/03/shorsiBlashfiWjnan.pdf
*هۆیە سەرەکییەکانی هەخنەی سیاسیستی لە ئەزموونی شۆشی کرکاری
لە سۆڤیەت/ مانسور حیکمەت http://www.hawpshti.com/ku/?p=13644

-_____

سەرچاوەکان

ئاو دە هەژاری دنیای هەژاند/ جان ید /John Reed
مژوی شۆڕسی ڕوسیا لە 1917 بۆ 1928/ بە زمانی دانیمارکی
E. H. Carr
https://www.autonominfoservice.net/2009/10/25/oktober-revolutionen-
1917-en-venstreradikal-analyse/
http://www.marxisme.dk/arkiv/lenin/1921/03/08-kvindedag.htm
https://www.marxists.org/farsi/archive/lenin/works/1921/chaharomin-salgasht.htm
https://marxist.dk/artikler/teori/5712-kvinderne-og-den-russiske-revolution.html
http://www.hawpshti.com/ku/?p=14053

ئەم بابەتە بە دوو بەش لە ژمارە 14 و 15ی بەاوکراوەی بەپشەوە بڵاوبۆتەوە.

چۆن ئەم دۆخە تێپەڕێنین؟ … عەزیز هەئووف

یەکەم: هەموو دۆخێکی سیاسی بەرمەبدای کۆمەڵگە خۆیەتی. هیچ دۆخێك نیە بە چەند هەڵژێك دروست بێت. کەکەبوونی سەرجەم کەم و کۆیەکان و بەدەنگی کوشندە و سپاردنی کۆی برین و خەمەکانمان بە نوخبەیەکی سیاسی هۆکاری کۆی ئەم دۆخە نالەبارەیە. واتە چەندە بەرپرسانی ئەم دەقەرە بەرپرسن بەرامبەر بە کۆی برینەکان هۆندەش کۆی کۆمەڵگە

بەرپرسە لە دورستکردنی بڵدەنگی و لاموبالاتی و تەمبەڵی و بەرخۆری.
دووەم: وەك چۆن خوێقاندنی دۆخێکی نائاسایی کارەساتە بەوەی کە لەلایەن کەسێك یان چەند کەسێکەوە بەدەستەهاتووە ئاواش کارەساتە چارەسەرەکەی بە کەسێك یان نوخبەیەك یان هێزێکی سیاسی ببەستین. هیچ نوخبە و کەس و هێزێك فریادرەس نیە بۆ چارەسەرکردنی دۆخێکی سیاسی، بەڵکو دەبێت خەمی ئێمە ببێتە خەمێکی دەستەجەمعی سپاردنی خەمەکان بە نوخبەیەکی سیاسی و داواکردنی چارەسەر لە نوخبەی سیاسی و نوسەران و ڕۆشنبیران خۆدزینەوەیە لە بەرپرسیارێتیەکی دەستەجەمعی..

سێیەم: چارەسەرنەکردنی کەیسە گەورەکانی ئێمە، پەیوەندی بە سەرقاڵبوونی ئێمەوە هەیە بە شتە بچوکەکانەوە. خەڵك هێندەی سەرگەرمی شتە بچوکەکانی ڕۆژانەیە لەمەڕ خواپەرستی و عەشق و پەیوەندی و جیاوازی ڕەگەزی، هێندە خەمی نیە لانی کەم نیوەی خاکەکەی دەکەوێتەوە دەستی دوژمنان. بەر لە هەر شت دەبۆ لە شتە بچوکەکان دەرچین و ستۆپ بنێین بەرەو خەونە گەورەکان.
چوارەم: یەکێك لە سیما دیارەکانی هەر هێزێکی ستەمکار ڕوخانی پردە. کێمەگەی کوردی پردی پەیوەندی لەنێو شارەکاندا لەدەست داوە، ڕاستە خەون و خەم و خولیاکانی بەشێکی زۆری نەوەی ئێمە هاوبەشە بەڵام پردی ئەم پەیوەندیە بۆ ئۆرگانیزەکردن و گواستنەوەی ئەم خەونە بۆ کۆبوونەوە و فشار و چالاکی دەستەجەمعی تەواو تێکشاوە.

پێنجەم: کوردستان پڕە لە دەسەاتی بچوك بچوك و مایکرۆ دیکتاتۆر. ئەم پەیکەرە بچوکانە ڕوخانی زەحمەتە. یەك پەیکەر لەئارادا نیە تا کۆبینەوە و بیرۆخێنین. دەسەاتی بچوك بچوك و لۆکاڵی ڕوخان و دەسکاریکردن و لێبرسینەوە لەگەڵیدا تەواو ئەرکێکی زەحمەت و ئالۆزە، یان لانی کەم ئاوابوونی دنیای لەم شێوەیە و دروستکردنی دنیایەکی تر لە دۆخی ڕوخانی پردی پەیوەندیدا کردەیەکی ئاسان نیە.
شەشەم: تێکەڵەی کێمەگەی ئێمە لەنێوان شاریبوون و شایخیبووندا. تا ئێستا ئیمە پێیەکمان لەناو سروشت و پێیەکمان لەناو شارستانیەتدایە. بەمانایەکی تر نازانین دەسکاری ئەم دۆخە بە خەباتی مەدەنی بکەین یان بە یاخیبوون و تووندوتیژی. بیست و شەش ساڵە لانی کەم نەمانتوانی لە گرنگی دامەزراوەکان و یاسا و ڕێساکان حاڵی بین یان بیچەسپێنین. لەئێستاشدا ناتوانین فۆرمێك بدۆزینەوە بۆ دەرباز بوون لەم دۆخە.

حەوتەم: بزوتنەوە کێمەڵایەتیەکان و پارت و لایەنە سیاسیەکانی

دەرەوەی نوخبەی دەسەڵاتدار بزوتنەوەگەلێکی تەواو لاوازن. ڕۆکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و پارتە سیاسیەکان لەوە لاوزاتردرن بتوانن دەسکاری ئەم دۆخە بکەن، ئەمەش دروست پەیوەستە بە نەبوونی ڕوئیایەکی ڕوون و پارادیمێکی نوێی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری لەدەرەوەی نوخبەی دەسەڵاتداری کوردی. لە دۆخی بەم شێوەیەدا تەنها دەنگەدەنگ و توڕەبوون دەبیستین نەك بیرکردنەوە و هەوڵ و خەبات و تێکۆشانی عەقڵانی و ڕادیکاڵ کە جیاواز بێت لەوی تر.
هەشتەم: بەشێکی ڕۆشنبیران و پیاوازی ئاینی ڕۆڵی خراپ دەگێڕن لە مانەوەی ئەو دۆخە وەك خۆی. ئەوەی لە کەمپەینی ڕیفراندۆمدا بینیمان ڕوخساری ڕاستەقینەی ڕۆشنبیران و ڕووی دزێوی بەشێکی پیاوانی ئاینی بوو کە دەیسەلمێنێت ئەم نوخبە دەسەڵاتدارە لەخۆاو لە ئاسمانەوە شەرعیەتی وەرنەگرتووە بەڵکو بە ستایش و نوسین و خیتابی بەشێکی ڕۆشنبیران و پیاوانی ئاینی لەسەر پای خۆیان وەستاون.

نۆیەم: ئێمە چ جۆرە خەباتێکمان دەوێت بۆ دەربازبوون لەم دۆخە؟ شۆڕشمان دەوێ یان ڕیفۆرم؟ بە چ کەرەستەیەك؟ لە ئێستادا کۆمەڵگەی ئێمە توانای دژینەوەی کەرەستەیەکی تری نیە بۆ ماڵئاوایی لە دۆخی لەم شێوەیە و خوێقاندن و بەخۆرهێنانی دۆخێکی تر کە لانی کەم ماف و کەرامەت و خەونی نەوەی ئێمەی تێدا بێتەدی. ئەم ئامانجیە بۆ نەدژینەوەی کەرەستەکانی بەرگری فەزایەکی تەواو نالەباری دروست کردووە کە لایەك لە هەوڵەکان بۆ ماڵئاوایی لەم دۆخە دەبینین.
دەیەم: بچوککردنەوەی کێشەکانی کۆمەڵگەی ئێمە لە کێشەی ئابووری و موچەدا. کێشە ئابووریەکان دابڕاو نین لە کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلتوریەکان ئەسڵەن کێشەی ئابوری کێشەیەکی بچوکە لە بەشێك لە کێشە گەورەکانی کۆمەڵگەی ئێمە کە سەرەکی ترینیان کێشەی سیاسی و بەڕێوەبردنە. ئەم بچوککردنەوەیە وایکردووە کە هۆکاری کێشە سەرەکیەکە نەبینین و تەنها لە قیژە و هاوار و بێدادی لە نەبوونی نان و موچەدا کورتی بکەینەوە.

یازدەیەم: نەدژینەوەی کەرەستەیەکی تر بۆ بەرەنگاری لە دەرەوەی بڵۆکەی دووبارە و بەتاکردنەوەی تۆپیەکان لە میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان. دژینەوەی کەرەستەیەك بۆ کۆبوونەوەی جەماوەرەی و کارکردن لەسەر خاڵی هاوبەش و خەونی هاوبەش سەرەتایەکی گرنگە بۆ بینین و بەرچاووونی و ڕۆشنی سیمای ئەو دنیایەی کە پێویستە بیخوڵقێنین.

دوازدەیەم: دەربازبوون لە دۆخی چاوەڕوانی و وەلاوەنانی لاموبالاتی و

تەمەلی و کردنی سیاسیەت بە کردەیەکی ڕۆژانە و مانەوە لە ماڵ وەك حەرام و کردنی شەقام بە شوێنی سیاسەت و شوێنی لێپرسینەوە و شوێنی هاوارکردن. لە ئێستادا کەی چین و توێژەکان لە چاوەڕوانیەکی کۆشندەدان و خەیان بە کردەی هەر گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی هەڵناسن و خویەکی قورسیان بەم چاوەڕوانیەوە گرتووە کە نە هیچی لێ شین دەبێت و نە ئاسۆیەك لەم چاوەڕوانیەدا دەبینرێت بێ ماڵئاوایی لە دۆخێك و خوڵقاندنی دۆخێکی باشتر.

لاوازی و شکستی کورد لە چارەسەری ناوچە سنوریە کۆشە لەسەرکاندا ... شاخەوان شێش

کە لە ساڵی ٢٠٠٣ دا ڕژێمی بەعس ڕوخا لایەنە سەرکیەکانی ئێراق لەسەر سیستەمی فیدرالی ڕێککەوتن و مۆری دەستوریان کرد. سەرانی پارتی و یەکێتی واژووی ماناوی باشوری کوردستانیان لە چوارچێوەی ئێراقدا کرد. بەمجۆرە باشوری کوردستان دەستوریانە لە چوارچێوەی ئێراقدا مایەوە و چارەسەری کێشەکان خرانە ئەو چوارچێوەیە. ئەو ڕێککەوتنە لەگەڵ یاسا و پرەنسیپە نەوتەوەیەکان سەبارەت بە کێشەی لەو جۆرە، تێگەیشتن و گونجاوی نەوتەوەیی هەبوو. چارەسەری ناوچە کێشەلەسەرکانی نێوان ئێراق و باشوری کوردستان بەپێی دەستور بگەیەکی تایبەتی بە داندرا و لەرگەی بڕیاری ١٤٠ ــەوە جۆری چارەسەرکە بڕیاری لەسەر درا. بەپێی دەستور دەبوایە تاکو کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ کۆتایی بە چارەسەرکە بهێندرێت. واتە ئاسەوارەکانی بەعەربکردن نەهێلدرێت، ئاوارەکان بگەڕێنەوە، موڵکە داگیرکراوەکان بە خاوەنەکانیان بگەڕێندرێتەوە، دامەزراوەکان بە هاوبەشی ڕێکبخرێنەوە، پاشان ریفراندەم لەسەر چارەنوسی ئەو ناوچانە بکرێت و سنور دیار بکرێت. لە دیدەکی کوردستانیانەوە ئەو بڕیارە کەموکوری هەبوو و ڕەخنەش زۆر گیران. هەرچەنی بە ماددەی ١٤٠ گرنگی خێی هەبووە و بە چارەسەری کێشەیەک دادەنرابوو کە بەدرێژایی تەمەنی دەوڵەتی ئێراق هەبووە و بە چارەسەر مابووەوە.

بە ئەوەی کورد بتوانێ لە ئاست جێبەجێکردنی کۆشک ئاگز و سەختەکانیدا، دەخوازێ بەر لەهەر فاکتەرێک کورد خۆی خاوەنی نوێنەری ڕەوا و بەهێز بێت، لە هاوکێشە هەرەمی و نوێنەرایەتییەکان بگات و لە چوارچێوەی تێگەیشتنێ دانپێندراو نوێنەرایەتییەکانەدا خاوەنی ستراتیژی ناسیونالیستانەی مەدەرن بێت.

کێشەی سنور گرنگترین کێشەی نێوان ئێراق و باشوری کوردستانە، بەیەکبوایە لەپێشترین خاڵی نوێنەرانی کورد بێت و بە کاریگەرانەترین شێوە کار بۆ جێبەجێکردنی بکرێت. ئەرکی دەسەاتدارانی هەرێم بوو بەگەرموگوڕی و هوشیاری زیرەوە هەوڵی جێبەجێکردنی خاڵ بەخاڵی ماددەی ١٤٠ بۆ دواکەوتن بدەن، بە ساردبوونەوە تواناکانیان بۆ جێبەجێکردنی ماددەکە بخەنگەڕ، ڕێگەی سستی ندەن و هەوڵستی تووند بۆرامبەر هەر پێشێلکارییەکی دەسەاتی بۆغدا بنوێنن و جێخت لەسەر چارەسەریە دەستوریەکان بکەنەوە.
لەبەرئەوەی باشوری کوردستان نە خاوەنی نوێنەری بەهێز بوو، نە هوشیاری و تێگەیشتنی سەردەمیانە و گونجاوی بە پرسەکی ئەوها گرنگ هەبوو، بەپێچەوانەوە سەرانی دەسەاتی هەرێم، شێلگیرانە کاریان لەسەر جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ نەکرد. کێشەی ناوخۆیی و دووبەرەکی نێوان بەرەی سەوز و زەرد ڕێگری لاوازکردنی گەا و هەوێکانی بەلایدا برد، بەنمونە دوو بەرەیی ئاسایش و دوو ئاراستەیی لە کەرکوکدا، دابەینی ناوچەکان و بەرەوبردنیان بەپێی بەرژەوەندیە حزبیە زەرد و سەوزەکان لەهەر زەنکدا، بەمجۆرە دووركەوتنەوە لە هەنگاو و چارەسەری ستراتیژیانەی کوردستانیانە بۆ کێشەکە. لە بەرامبەری لاوازی نوێنەرانی کوردا دەسەاتی بۆغدا جگلەوەی هەنگاوەکانی سست بوو، بەربەستی دروستکرد، سیاسەتی پەراوێزکردنی کورد و جار جارە بۆعەربکردنیش بەردەوامیان پێدرا.

وەکو دەرکەوت چارەسەری ماددەی ١٤٠ لەکارە لەپێشکانی دەسەاتدارانی هەرێم نەبوو. لەجیاتی ئەوە هەر بەرەیە لایەن خۆیەوە ململانێی بەدەستهێنانی پلەوپایەو پێست لە ئاستی ئێراق و کوردستان بوو، هەروەها نایاسایانە خەریکی ئاواکردنی نەوت بە قاچاغ و هەلکەندنی چاڵی نەوت بوون، خەریکی بەستنی کەنتراکت لەگەل کەمپانیای تورکی و بۆگانە، خەریکی هینانی بازرگانە تورک و عەرەبە گەندەکان بۆ کوردستان بوون و هتد. بەکورتی هەوێکان لەگەلە باردا نایاسایانە بۆ بەدەستهێنانی سەرمایەی زەرو خەرا چەکرانەوە. سەرانی دەسەاتی هەرێم ئامادەبوون لەسەر نەوت دژی بۆغدا بووەستنەوە و بیگەینن کەناری شێ، بەڵام تەنها بۆ یەکجاریش

لەسەر سستی یا سەرکردنی ماددەی ١٤٠ هەوەستیان وەرنەگرت و لە بەغدا یاخی نەبوون.
لە جیاتی هەروەستە و بەخۆداچوونەوە، وە چارەسەری کێشەکانیان لەگەڵ بەغدا، دەسەڵاتدارانی هەرێم پەیوەندی و بازرگانیان لەگەڵ تورکیا بەهێزتر کرد، وردە وردە لە دەسەڵاتی بەغدا دوورکەوتنەوە، ناکۆکیەکان قوڵتر و نەوانیان فراوانتر بوو. ئەوەش کە ئاماژە بوو بە کێشە و بەمتمانەیی لەنیوان یەکەی فیدرال و دەسەڵاتی ناوەندا، ئاراستەکەی روو لە ناکۆکی زیاتر و دڕێنجامی نادیار بوو.
لەراستیدا رووکردنە تورکیا و سەیرکردنی تورکیا وەکو فریادڕەس لە شەوزەنگدا گرتنەبەری کۆڕەیەک بوو لە هەڵەدەردا. ئەوەش گەورەترین و کوشندەترین هەڵەی مێژوویی بوو کە دەسەڵاتدارانی باشور تێیکەوتن.

لە ساڵی ٢٠١٤ دا هێرشەکانی داعش بەسەر کوردستان دەستیپێکرد، کە تاوانی گەلکوژی شەنگال و تاوانی دیکەی جەنگ و دژ بە مرۆڤایەتی لێکەوتەوە. دوای ئەوە بەهاوکاری هاوپەیمانان و لایەنە کوردستانیەکان، هێزی پێشمەرگە توانی زەربەی ناوچە کوردستانیە سنوریەکان کە گرنگترینیان شاری کەرکوک بوو ڕزگاربکات و بیانخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی.
ئەو سەرکەوتنە سەرکەوتنێک بوو لە باری شەردا، وە ڕێکخراوی داعش دوژمنی هاوبەشی ئێراق و باشوری کوردستان بوو. بەیە ڕزگارکردنی ئەو ناوچانە لەچنگی تیرەرستانی داعش، ڕزگارکردن لە دوژمنێک بوو کە وەکو یەک دژی کوردستان و ئێراق بوون. ڕزگارکردنی ناوچە سنوریە کێشەلەسەرەکان واتای ئەوە نەبوو کە ئیتر ئەو ناوچانە بە کوردستان گەیانەوە و ئێراقیش وازیان لێدەنێ. بە پێی ڕێکەوتنە دەستوریەکە ئەوناوچانە دەکەوتنە ژێر دەسەڵاتی ئێراق تا ئەو کاتەی ماددەی ١٤٠ چارەسەر دەکرێت. هەموو ئەو گوتن و بڕیارانەی کە پەیوابوو ئەو ناوچانە کوردستانین و نابێ بگەڕێندرێنەوە ژێردەستی ئێراق، یا پەیوابوو ئیتر ئەو ناوچانە جارێکیتر ناچنەوە بندەستی ئێراق، بڕیارەکە سەزدار و خۆشباوەڕانە و ناتاوتوێکراوبوون. ڕاستە لە دیدێکی کوردستانیانەوە ئەو ناوچانە کوردستانین، بەڵام لە دیدی ئێراقیانەوە بەپێچەوانەوە ئێراقین. لەو پرسەدا دوو لایەن هەن کە دوو دیدی دژ بەیەکیان هەیە، دیارە هەردوولا لەسەر چارەسەری کێشەکە ڕێکەوتنی دەستوریان کردووە. بەگومان بوونی ئەو ناوچانە لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمدا، پێزیسینی دەسەڵاتی هەرێمی بەهێزکرد و لە ئۆگەری هەنگاوەکانی جیابوونەوەکردنی ماددەی ١٤٠ دا بەگومان زۆر سوود بەخش بوو، وە دەیتوانی پرسەکە زۆر پێشخات. بەیە ئۆگەر

تەگەیشتنی راشیونالانە زانبوایە دەبوایە ئەو سەرکەوتنە بە وەگەرخستنی چارەسەری یەکجاری ماددەی ١٤٠ بکاربهێنرێت.

کۆشناوخەیکانی باشوری کوردستان و قەیرانی پرسی سەرکایەتی و پەرلەمان، پرسی ڕیفراندەمی قووتکردەوە، کە لەبنچینەدا لایەن سەرکی نایاسایی و ماوەبسەرچوو مەسعود بارزانیەوە هێندرا و سەپێندرا. پەیداگرتن لەسەر ریفراندەم لە ناوچە سنوریە کۆشەلەسەرکاندا، بە گوێ پێدان و بە هیچ ڕکەوتنێک لەگەڵ حکومەتی بەغدا، بە پشتکردن لە ئەمریکا و داواکاریکانی، بە پشتکردن لە ڕکەوتنە دەستوریەکە، لەکاتیکدا هەنگاوکانی دەسەاتی نایاسایی هەرێم لە ئاستی ناوەوە و دەرەوەدا لەسەر ئاستی بوارە گرنگکاندا جگەی پرسیاری زەق بوون، هەموو ئەوانە وایکرد سەرانی باشوری کوردستان خەیان تەواو تەریککەن و بکەونە قوژبنکی تەنگ و نالەبار. ئەو هەڵە کوشندانە وایانکرد بارکە ١٨٠ پلە وەرگەڕێ و بگەڕێ. حکومەتی ئیراق هەڵەکانی دەسەاتدارانی باشوری قەزتەوە و کەوتە سەنگەری دژ، داوای هاوکاری هەرەمی و نەونەتەویی کرد و گەماڕۆکانی بکردەوە دەستپکرد، داوای دەستبجێی چەکردنی ناوچە ڕزگارکراوە کۆشەلەسەرکانی کرد. ئێران و تورکیا و ئیراق لەسەر چکپەدادانی کورد کەوتنەکار. گوشارە ناوخەیی و دەرکیەکان بوونەهۆی مەرکردنی کشانەوە و شکست لە ١٥ ی مانگی ئکتۆبەردا، نک هەر ئەوە بەکو پەسندی ئەوکرا کە ئیراق کۆنترۆلی هەموو بیرە نەوتیەکان و خاڵە سنوریەکان دوای ٢٦ ساڵ دوورکەوتنەوە بکاتەوە. ناپاکی باڵکی ناو یەکێتی دەرهاویشتەی کۆشناوخەیکان بوو کە دەسەاتداران نکەیان لە بوونی دەکرد.

وەکو گوترا کۆشی ناوچە کوردستانییە سنوریەکان لە ڕگەی دەستورەوە چارەسەری بە داندراوە، پەویست بوو لە ڕگەی دایەڵگ و دانوستان بەپێی دەستور چارەسەری ئەو کێشەیە بکرێت. دەستبەسەرداگرتن لەژێر ناوی کوردستانی بوونی ناوچەکاندا، بگومان دەرگەی دایەڵگ دادخا و ڕگە بە بەرەوروبوونەوە و شڕ خۆش دەکات. بەئگەری زەر بەرەوبوونەوەی چەکداری و شڕ ڕوویان نەدەدا، ئگەر دەسەاتدارانی هەرێم لەئاستی پەویستبان و دەستوریانە لەگەڵ کۆشکەدا جووابانەوە. بەرەوبوونەوە و شڕ و دواتر شکست و دڵان دەرئنجامی ئەو ئاراستە چوتە بوو کە لەدەیی ابردوودا پیادەکرا.

ئگەر کوردستان کۆشی ناوخەیشی نەبوایە، خاوەنی سوپای بەهێزی نیشتیمانیش بوایە چارەسەری ئاشتیانە باشتربوو لە شڕ و بە

کوشتدانی مرۆڤ و وێرانکردنی وەات. بەپێچەوانەوە لە کاتێکدا دەسەڵاتی سیاسی لاوازبوو و بە کۆشەی ناوخۆیەوە گیردەبووە، بەمجۆرە باشوری کوردستان ئەو پێگە بەهێزەی نەبوو، دەبوایە سەرنج تەنها لای چارەسەری دەستوریانە بێت.
لە باری ئێستادا و لە دوای ئەو کەوتن و دڵانەی کە هاویدا، ئێگەر باشوری کوردستان خۆی بگرێتەوە و دەسەڵاتێکی نوێ نوێنرایەتی بکات، پێویستە شۆڵگیرانە بە چارەسەری دەستوریانەی ماددەی ١٤٠ بگەڕێتەوە. بوونی دەسەڵاتێکی ڕەوا و دیموکراسی بەگومان کوردستان هێندەستنێتەوە و بەهێزی دەکات، بەپێچەوانەوە درێژەی پاشماوەی ئەو دەسەڵاتە دووبارەیەی ئێستا کورد بە لاوازی دەهێیتەوە و ستاتوسی کورد لەهەر دانوستان و گفتوگۆیەکدا لاواز دەکات.

30-10-2017

ئەنارکیزم ، مەرگ و ژیان ... وێرگەانی: هێژن

"بە من ڕەگەبدەن خەیاڵبکەم،
کە لەنێو ئەو ئەستێرانە
ئەستێرەیەک هەیە و
لەنێو بومولەیی نامەی ژیان
چاوساخیی من دەکا"
ابیندرات تاگوور

ئەنارکیستەکان لەنێو بزووتنەوەی کۆنشتات ڕەخنەکی فرەیان نەبوو. وەای ئەوەش ناکرێت لەبەرچاوینەگیردرێن، کە کۆمیتەی شۆشگێڕی کۆنشتات لە دوو کەسی ئەوان [ئەنارکیستەکان] داخوازیکرد، تاکو بە بزوتنەوەکەوە پەیوەستببن. کەسی یەکەم (یارچۆک Yartchouk) دامەزرێنەری سەقیەتی کۆنشتات ساڵی ١٩١٧ و ئەوی دیکە (ڤۆلین Volin) بوو. بەام ئەو بانگەوازە بۆ سەرەنجام مایەوە، لەبەرئەوەی کە ئەو کات هەر ئەو دوو کەسەکە لەنێو چنگی بۆلشەڤیکەکان دەستبەسەربوون. بە گوتەی (ئیدا مێت Ida Mett)

مژونووس و نووسەری پەرتووکی ئاپەینی کۆنشتات La Revotle De Cronstad " کارایی ئنارکیستەکان لەسەر کۆنشتات تەنیا لەو تۆوانینەوە دەکرێت ناوبهێنرێت، کە ئنارکیزمیش ئاگەینەری تۆوانینی دەمکراسیی کرێکاری بوو". بە هەر بارێکدا هەرچەندە ئنارکیستەکان دەستبەکاربوونکی ئاستەوخێیان لنو ئو ئاپەینەکە نەبوو، بەڵام ئەوان ئاپۆینکیان بە هی خێیانیان زانی.

ڤلین دواتر نووسی " ... کۆنشتات یەکەمین هەوڵی تەواو سەربەخێی جەماوەریی بوو بۆ ڕزگاربوون لە کۆتی هەر جۆرە دەسەاتێک و هۆخاندنی شێشی کەمەایەتیی. ئو هەوڵە بەدەستی خودی جەماوەری زەحمەتکێش، ئاستەوخێ بەبێ هانابردن بۆ شوانە ئامیاریەکان و ئابەران و سەرپەرشتیگەران ئەنجامدرا ". هەر ئاوا ئەڵکساندەر بەرکمان گوتی " کۆنشتات ئەفسانەی دەوڵەتی پۆلیتێریی کردە نەخشەی سەر ئاو و سەلماندی، کە لەنوان دیکتاتێریی پارتیی کۆمونیست و شێش بواری هیچ جۆرە سازشێک نییە!" ...

وێای نەبوونی خێتهەقورتانی ئاستەوخێی ئنارکیستەکان لەنو ئاپەینی کۆنشتات، سەرکوتکرانی ئو ئاپەینە بیانوویەکی گونجاوی بۆ دام و دەزگەکانی فەرمانداریی بەخشی، تاکو کێشەی خێیان لەتێک ئنارکیزم کە هێشتا ترسکی گەورە بوو بۆ سەر دۆوێتی بۆلشەڤیکی، یەکلاییبکەنەوە! چەندە هەفتێ پێش سەرهەدانی یاخیبوونەکێی کۆنشتات، واتە ڕۆژی هەشتەمی فەبریوەری ١٩٢١، (کۆپۆتکین Kropotkin)ی پیر تەمەن، لە ڕوسیە مرد. بەخاکسپاردنی ئو بەڕکردنکی فرێ پێشکێی لەخۆگرت. بەشداربووانێک کە تەرمی ئویان بەخاکدەسپارد، ژمارەیان لایەنی کەم سەد هەزار کەس دەبوو. ئاای هەش و سووری گروپە ئنارکیستەکان ئامێتەبوون. لەسەر هەشی ئاکان بە خەتکی سوور ئو دەستەواژە بەرچاو دەکەوت " لە هەر کۆ دەسەاتداریی هەبێت، لۆ ئازادی بوونی نییە " .

نووسەرانک، کە لەبارێی کۆپۆتکین نووسیویانە، ئو خنیشاندانە وەک "دواین خنواندنی گەورە لە دژی سەرکوتکاریی بۆلشەڤیکەکان" ناودەبن. بەشداربووان لەنو ئو خنیشاندانە "نەک تەنیا بۆ ڕزلنان لە کرۆپۆتکین، بەکو هەر ئاواش بۆ داخوازی جگیرکردنی ئازادی بەشداریینداکرد". پاش سەرکوتکردنی کۆنشتات سەدان ئنارکیست زیندانیکران. چەند مانگ پاش ئەوە، ئازادیخوازێک بەناوی فانی بارون Fanny Baron و هەشت کەسی دیکە لە هاوەکانی لەنو سیاچەکانی زیندانی (چکا) لە مسکۆ گولهدبارانکران.

گولهدی بزاڤی بە مەشکی ئانارکیستی تەکنیکەوە نرا. لەو بارەدا لە دەرەوەی ووسیە، ئەو ئانارکیستانەی کە لە ئەزموونی ووسیە تێگەیشتبوون، بە فراوانی کەوتنە هەڵگرتن و پەداچوونەوەی بیروبۆچوونەکانی خۆیان، تاکو بیری ئازادیخوازانە هەرچی زیاتر بەرجەستە بکەن. سەرەتای سێپتەمبەری ١٩٢٠ کۆنگرەی یەکێتی ئانارکیستەکانی ئۆکرانیا نابات Nabat بەڵاشکاوی "دیکتاتۆریی پڕۆلیتاریا" کە ناچار ئۆرکێکی لە دیکتاتۆریی بەشێک لە پڕۆلیتاریا [بەشێک، کە لانیکەم پارتییەک ڕۆکخراوە] فەرمانبەران و مشتێک لە ڕابەران کۆتاییدێت، هەتکردببووەوە. (کۆپێتکین)یش کەمێک پێش مردنی، نیگەرانی خۆی لە پەرەسەندنی "سەروەریی تەواو" لە وڵات دەربڕیبوو "بە بۆچوونی من، هەوڵدان بۆ ڕۆنانی کۆماری کۆمونیستیی لەسەر پایەکانی دەوڵەت و توندوتیژی نوێندیانە و لەژێر زێری یاسا ئاسنینەکانی دیکتاتۆریی تاکپارتیی، بە شکستێکی گەورە کۆتاییدێت. ووسیە نیشانیداین، بۆچی نەدەبوو بە کۆمونیزم ملبدرێت ".

ڕۆژنامەی فەرەنسیی ئازادیخواز Le Libbertaire لە ژمارە ١٤ی ڕۆژی ٧ی جێنیوەری ١٩٢١، بانگەوازێکی پێ وەرەی ئانارکۆسەندیکالیستەکانی ووسیای بۆ پڕۆلیتاریای جیهان بڵاوکردەوە "هاوڕێیان، وەک ئەمە کۆتایی بە فەرمانداریی بۆرجوازی لە وڵاتەکانتان بهێنن! بەڵام وریابن، هەڵەکانی ئەمە دووبارە نەکەنەوە! نەهێڵن کۆمونیزمی دەوڵەتیی ببێتە فەرمانداری وڵاتەکانتان".

ئانارکیستی ئاڵمانی-زمان (ڕودۆلف ڕۆکەر Rudolf Rocker)یش ساڵی ١٩٢٠ پڕۆتووکۆڵکی بەناوی "شکستخواردنی کۆمونیزمی دەوڵەتیی" نووسی و ساڵی ١٩٢١ بڵاویکردەوە! ئاوڕ یەکەمین ئەزموون و لێکدانەوەی ئامیاریی بوو لەبارەی شێواندنی شۆڕشی ووسیە. بگۆڕەی تێواننی ڕۆکەر "دیکتاتۆری پڕۆلیتۆریی نەک هەر دەربڕی خواستی چینێکی کەمەڵایەتیی نەبوو، بەکو دیکتاتۆری پارتیی بوو، کە پاگەندەی نوێنەرایەتی چینی کرێکاری دەکرد، بۆجگێ لەوەش، تاکە پشتوپەنای دەسەڵاتی ئاو دیکتاتۆرییە، سەرەنزەکانی بوون، لەپشت دۆجامەی دیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریا چینێکی تازە سەریهەڵداوە و پەرەیسەندووە، چینی کۆمیسارەکان یان سەروەریی کۆمیسارکان. ئەم ڕۆژیش جەماوەری بەرینی خەڵک بە هەمان ئەندازە هەست بە سەرکوتگەریی چینی سەروەر دەکەن، کە دوێنێ لە سایەی سەرکوتگەریی ڕژێمی ووخاوی [تزار] هەستیاندەکرد".

کاتێک کە گشت لایەنەکانی ژیانی کەمەڵایەتیی بە تەواوی بکۆشرێنە

ژێر دەستەاتی فەرمانداریی سەرتاپاگیر، ئەنجامەکەی "شتێک واوەتر لە زنجیرەیەک پلەوپایەی فەرمانبەریی نابەت و ئاوێ چارەنووسی بگەانەوەی شەشی ڕوسیا بووە". "بڵشەڤیکەکان هەر تەنیا دەزگەی دەوڵەتی سەروەریان لە کۆمەڵی پێشووتر بە پوختی وەرنەگرت، بەکو ئاوا دەستەاتێکیشیان بێ ئاو بەخشی، کە هیچ فەرمانداریەکی دیکە لەو وڵاتە ئەوەی لەتوانا نەبوو"!

